کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:52 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یونیفۆرم یان (حیجاب) ی کۆمەڵگا! ... سیروان بابەعەلی

(نەوال سەعداوی) سەبارەت بەسەرپۆشی ئیسلامیی (حیجاب) دەڵێت: « تەنها پرچی ئافرەت داناپۆشێت، بەڵکو لەپێشدا مێشکی دادەپۆشێت».

بڕیاری یەکپۆشیی (یونیفۆرم ـ الزی الموحد) ی خوێندکاران لەکوردستان هاوشێوەی هەمان پێناسەی سەرەوە هەڵدەگرێت، کەدەسەڵات بۆ ڕووپۆشی بەرژەنگی پاشاگەردانیی و سیاسەتی خنکاو لەکوردستان، وەك چارچێوی مێشکی کۆمەڵگا بەکاریدەبات...



پابەندیی بە یونیفۆرم بۆهەر دامەزراوەیەکی ژیاریی ـ سڤێل، دەکاتە یەکڕەنگیی و یەکدەنگیی و گوێڕایەڵیی و ملکەچیی، کە لەڕووە ساکارەکەیدا ڕێکسازیی و پابەندیی (دیسپلن)، وە لەباری نادیاردا، دۆگمای هزرو پابەندیی بێ بەندومەرج و تۆتالیتاریزم و دیوی ژێرەوەی مەرامە هەواڵگرییەکانی لێدەکەوێتەوە...
یونیفۆرم هەر لە دەسەڵاتی کۆنی کەنیسەوە تادەگاتە سیستەمە کۆمۆنیست و سۆسیالیست و ئیسلامیی و دەسەڵاتە نەزۆکەکانی وەك کوردستان، تەنها دوو پاساوی هەبووە: 1- دیسپلین 2- نەهێشتنی دەرکەوتی جیاوازییە چینایەتییەکان...
لەدنیای ئازادو دیموکراتیدا کەهێزی یاساو سیستەمێکی سیاسی ـ ئابووری ـ پەروەردەیی کاراو تەندروست، وە تەباو هەماهەنگ بە پێناسەو ڕێسا مرۆڤایەتییەکان کۆمەڵگا بەرهەڤ دەکات، یونیفۆرم تەنها بەمەبەستی ناساندن و شاشیی (ترانسپارێنز ـ الشفافیە) لەدامەزراوەکانی پۆلیسیی و سەربازیی پەیڕەودەکرێت، ئەویش نەك بەڕووخسارە تۆقێنەرە کلاسیکییەکەی، بەڵکو لە ئاستێکی پایەبڵندی جیهاندۆستی و مۆدێرندا. کەنەك هیچ ئاکارێکی وەك گەورەو کۆیلەو دەستەونەزەریی و گوێڕایەڵیی کوێرانەی وەك دەزگا ئەتککەرەکانی لای ئێمە پەیڕەوناکرێت، بەڵکو لەو وڵاتانە ئەگەر پۆلیس یان سەرباز فەرمانێکی گەورەکەی کەدژی یاساو مافی مرۆڤە جێبەجێنەکات، یاساو دامەزراوە دیموکراتییەکە لایەنگیری دەبێت.
واتە لەوکۆمەڵگایانە بەنەمانی ئاستەنگی نەریتە ئایدۆلۆژییە گشتگیرو چەقبەستووەکان، (یونیفۆرمی بەزۆر) جێگایەکی نەماوە. لەوێ سیستەمی پەروەردە هەر لەناوماڵەوە تا باخچەی ساوایان و سەرلەبەری کایە کۆمەڵایەتییەکان، هەتا ئەوکاتەی منداڵ خۆی دەناسێتو بەئەرك و ماف ئاشنادەبێتو بەرپرسیارێتیی و بڕیاردانی لەمشت دەنرێت، بە ئازادی و سەربەستییەکانی ئاشنادەکرێت و بە گوناهو قەدەغەکان چاوترساو ناکرێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی تەندروست تا دواسنوور بە سەربەستییەکانی ئاشنابکرێت، ئیتر بۆخۆی دەزانێت لەکوێڕا تەواودەبێتو کەی پانتاییە نامرۆڤییەکان دەستپێدەکەن...
مامەپیرەی خۆمان (پیرەمێرد) پێش "هەشتاساڵ"، باسی «موحیبەتی قەومی و حوڕییەتی شەخسی و ئیستیقلالی فیکری» دەکات... یەکپۆشکردنی دامەزراوەیەکی زیندوو گرنگی پەروەردەیی وەك خوێندنگا، سەرباری کارکردن لەسەر سنووربۆدانان و دەستەمۆکردنو سپیکردنەوەی هزرو ئاوەز؛ ڕووی ڕەشو دزێوی ڕەوشی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگا دەشارێتەوەو، بەرژەنگی تاوانەکانی دەسەڵات لە چاوو هزری خەڵك بەدووردەگرێت...
هەرچی ناوی دیسپلینە لەخوێندنگایەك، شتێك نیە لە دیسپلینی حزبی زیاتر...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
27-9-2007 23:52 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەرچی نەهێشتنی سیمای جیاوازی چینایەتییە بەناوی یونیفۆرمەوە، شتێك نیە لەموکیاژی ڕوخساری دزێوی دەسەڵات و شاردنەوەی ڕەنگاڵەیی ژیانی نەوەی لێپرسراوان و ناسۆرە خاکی و خۆڵەمێشییەکانی هەژاران زیاتر، کەهیچ کاریگەرییەك لەسەر پەردەپۆشکردنی پرسە ڕاستەقینەکانی چین و توێژو کەسە فلیقاوەکانی کۆمەڵگای داتەپیو دانانێت!

ئایا قوتابییەك توانای کڕینی لەیەك قات زیاتر یونیفۆرمی دەبێت بۆ ساڵێکی خوێندن، لەکاتێکدا ئەو بەبێ یونیفۆرمیش توانای کڕینی لەیەك قات زیاتر جلوبەرگی نەبێت؟ کام لۆژیك گەرەنتی ئەوەدەکات؟!

یاخود ئەو قوتابییەی کەسەر بەچینی (حەزیا) کانەو هەمووڕۆژ جۆرێك بەرگ دەپۆشێت، ئایا ناتوانێت هەمووڕۆژ یونیفۆرمەکەی نوێ بکاتەوە؟ ئایا دووپارچە پۆشاك کەهەردووکیان بۆنموونە ناویان "کراس" بێت و لەدوو دروستکراوو تەکنیکی جودابن یەك نرخیان هەیە؟ یاخود هەر بۆنموونە؛ جیاوازی نێوان "جوتێك گۆرەوی" کە یەك جار لەپادەکرێتو جوتێك کە دەڵێی تۆڕە هێندە لەپاکراوە نابینرێت؟!

کەواتە ئەوە شتێکنیە لە شاردنەوەی داماویی خەڵك زیاتر، لە خەفەکردنی کڵپەی ناڕەزایی زیاتر. بۆیاخێکی ژەنگاویە دەسەڵات دەیدات لەسەرمان و دەبێت بڵێین "نەخێر ئاڵتونییە"!

دەسەڵات نایەوێت بزانێت کەئەگەر بەتۆپزی کڵاویش بکاتە سەری خەڵك، ناتوانێ هەروا بەئاسانی کڵاویان لەسەربنێ!

نایەوێت بزانێت کەئەگەر بتوانێت؛ ئازاری "هاونیشتمانییەکەم - دراوسێکەم - برادەرەکەم - هەتا براکەم" لێ دیزەبەدەرخۆنە بکات، هەر ناتوانێت هەست و ئیرادەی مارانگازان بەرزەفت بکات!

نایەوێت بزانێت کە لەشکری بەلەنگازان لەفراوانبووندایە!

نایەوێت بینیبێتی، کە هەر دوێنێ، یونیفۆرمی زۆر دەسەڵاتی بەهێزتری وەك ڕژێمەکانی (هۆنیکەرو میلۆسۆڤیچ و سەددام) سوتێنران...

نایەوێت ڕەوشی یونیفۆرمی ڕزیوی ڕژێمە لەرزۆکەکانی وەك (سوریاو لیبیا) ببینێت.

لەبیریان دەچێت کە تاکە یونیفۆرم، گەل بەخواستی خۆی بیپۆشێت بەرگی (نا) ی ناڕەزاییە بەرووی دەسەڵاتداران و، ڕسواترین یونیفۆرمیش بەرگی (گلان) ە کە دەسەڵاتێکی دژ بەگەل هەردەبێت بەزۆر بیپۆشێت!

ڕاستە یونیفۆرم تەنها لەئاستی پەروەردەیی یەك سوودی هەیە، ئەویش ئەوەیە؛ لەبەرئەوەی لەوڵاتە سۆسیالیستییەکان لێپرسینەوەو بەدواداچوونی بەهێز هەبوو، خوێندکار لەکاتی بەلاڕێداچوون و خۆدزینەوە، بەهۆی جلوبەرگەوە لەلایەن چاودێرە پەروەردەییەکانەوە دەناسراو لێیدەپرسرایەوە. وە ئەلتەرناتیڤی ئەوە لەوڵاتە دیموکراتەکان؛ لێپرسینەوەی پۆلیسە، ئەوکاتەی لەکاتی لەکاردابوونی خوێندنگاکان، منداڵان لەدەرەوەی خوێندنگا دەبینن پۆلیس هەڵوێست وەردەگرێت. تەنانەت ئەو سوودەیش بۆکوردستان جێلەقە، چوونکە ئێمە خاوەنی هیچ سیستمێکی "لەدنیاداباو" نین، وە سیستمەکانی لەمەڕئێمە بەگشت پێودانگەکان نامۆو زۆڵەکن...

بۆیە "بەیونیفۆرمکردن" مەترسییەکی گەورەیە لەسەر ئەو خەوە خۆشانەی، کەساڵانێکە بەدیمۆکراسییەوە دەیبینین!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.